

## سرود پرستو

لە دوو زنجیرەی پێشوودا باسی دوو کتێبم کرد کە دوو نووسەر و شاعیری بۆکانی نووسیویانن. باسی ئەم زنجیرەیەش، کتێبی شاعیرێکی بۆکانییە.

چاپی دووهەمی کتێبی "سرود پرستو" – یەکەم کۆمەڵە شیعری نوی فارسی کاکم – عومەر سوڵتانی (وەفا)، نەورۆزی ئەمساڵ(٢٠٠٧ ز) لە لایەن بنکەی چاپەمەنی "سوها" وە لە تاران بڵاو کراوەتەوە. سرود پرستو یەکەم کۆمەڵە شیعری نوێی شاعیرێکی کوردیش بوو کە بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٣٤٢ [١٩٦٣ز] لە لایەن "انتشارات صفی علیشاه" ەوە لە تاران بڵاوکرایەوە و وا رێکەوت کە چاپی دووهەمی ئەو کتێبە، ساڵ و نیوێک دوای کۆچی دوایی شاعیر بڵاو ببێتەوە.

" سرود پرستو" چاپی دووهەم, بە پێشەکی مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی – توێژینەری کورد و هەروەها سەرەتایەکی منەوە چاپ بووە.

پەیوەندی کتێبەکە بەم زنجیرە وتارەوە، یەکەم، شاعیر خۆیەتی کە بۆکانییە و دووهەم زۆرێک لە شیعرەکان لە بۆکان گوتراون و سێهەمیش ئەوەی هێندێک لە شیعرەکان پێشکەش بە کەسانێک کراون کە ئەوانیش بۆکانین. بۆ توێژینەوە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری نوێ – وەک چەمک، " سرود پرستو" دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتێ. وەفا پێش هەموو شاعیرێکی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان شیعری نوی گوتوە بەڵام بە فارسی و کەم و زۆر هاوکات لەگەڵ سێ کۆچکەی شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵات (سوارە، حەسەنیانی، چاوە)، شیعری نویی کوردیشی گوتوە.

عمر سلطانی (وفا)، پدر شعر نو فارسی در کردستان، " سرود پرستو"، به اهتمام انور سلطانی، نشر سها، تهران ١٣٨٥[٢٠٠٦]، ٨٨ صفحه، فارسی.